# بۆ شەریفی مەککەو ئیمارات حەڵاڵەو بۆ کوردیش حەرام!



جەمال عەبدوڵلا

ئەوەندەی پەیوەندیی بە کوردستانی عێراقەوە هەیە و لە مێژووی جولانەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستاندا، لای شۆڤێنیستانی عەرەب، ئەگەر کورد داوای خوێندنی بەزمانی کوردی کردبێت، هەوڵی پارچە پارچەکردنی عێراقی داوەو کرێگرتەو نۆکەری بێگانە بووە! داوای ئەوەی کردبێت با کاربەدەستە ئیدارییەکانی خەڵکی ناوچەکانی خۆیان بن، دیسان لای شۆڤێنیستانی عەرەب هەر بەهەوڵی پارچە پارچەکردنی عێراق حسابکراوەو کورد لای ئەو شۆڤێنیستانە هەر کرێ گرتەو نۆکەری بێگانە بووە! داوای لامەرکەزیی کردبێت هەر بەنۆکەرو دژی عێراق حساب کراوە، داوای ئۆتۆنۆمی کردبێت، کورد هەر نۆکەرو دژایەتی عێراق ئومەی عەرەبی کردووە، ئێستاش کە داوای فیدرالی دەکات لە دەستووریشدا چەسپاوە، جەوهەری بڕیارەکەی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکاش، هەر داوای جێبەجێیکردنی جەوهەری فیدرالیە کەچی هەمان ئەو شۆڤێنیستانە هەمان ئەو تۆمەتە نارەوایانەی پێشوو تریان ئاراستەی کورد دەکەن و هەمان ئەو قەوانە سواوە لێدەدەنەوە کە بەهۆیەوە لەلایەک سەری رژێمە شۆڤێنیستانەکەی خۆیان خوارد نەک هەر لە عێراقدا بەڵکو لە شوێنی دیکەی عەرەبی و رەنگە سەری هی دیکەش بخۆن! و لەلایەکی دیکەش بێ متمانەییەکی زۆریان لای کورد لە بەرامبەر خۆیان دروست کردووە.

ئێستاش لەوە تێناگەم و سەرم لەوە دەرناچێ بۆ چی شەریفی مەککەای ئەوان لەگەڵ ئینگلیزدا لەیەک سەنگەردا بوون دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و خەلیفەی موسڵمانان، نەک بۆ فیدرالی بەڵکو بۆ رزگاریی یەکجاری و دروستکردنی دەوڵەتی عەرەبی سەربەخۆ نازانم بۆچی ئەمەیان لە مێژووی خۆیاندا بەخەبات و تێکۆشان و بە جوامێری نواندن بۆ رزگاری حسابە بەڵام کە کورد داوای فیدرالی و پشتیوانی لە بڕیارێکی نامولزەمی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا بکات بۆ جێبەجێکردنی فیدرالی نەک دابەشکردنی عێراق و دەوڵەتی سەربەخۆ نازانم بۆچی ئەمەیان کرێ گرتەیی و ناپاکی کورد نیشان دەدات؟ دیسان هەتا ئێستاش لەوە تێ ناگەم و سەرم لەوە دەرناچێ بۆچی لای شۆڤێنیستانی عەرەب زۆر ئاساییە کە ئیماراتی عەرەبی ۷ ئەمارەت بێت و هەر یەکەیان حاکم و میری خۆی هەبێت و هەریەکەشیان خاوەنی یاساو شێوازی رێکخستنی تایبەت بەخۆیان بن و هەموشیان یەک دەوڵەتیان هەیە ناوی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتووەو لە جەوهەردا ئەمانیش پیادەی جۆرێک لە جۆرەکانی فیدرالی دەکەن لەکاتێکدا ئەوان یەک نەتەوەشن، نازانم بۆچی لێرەیاندا ئیمارات نەک هەر پارچە نەبووەو هەڵنەوەشاوە بەڵکو یەکگرتوون و لەرووی پێشکەوتنی ئابوورییشەوە بوونەتە نموونەو پێشەنگی ناوچەکەو بە دەیان و سەدان شۆڤێنیستی دانیشتووی ئیمارات خۆی و تەنانەت کۆنەپەرست و سەلەفییەکانیشیان لەبەرامبەر ئیمارات و حاکم و کاربەدەستەکانی ئیمارات دەنگیان لێوەنایەت، کەچی لەبەرامبەر کورد تا ئەوەها دەنگیان بەرزکردۆتەوەو قیامەتیان نزیک کردۆتەوە؟ کە کوردیش هەر داوای فیدرالی دەکات ئەو فیدرالیەی کە لەخودی دەستووری عیراقیشداو لە ماددەی یەکەمی ئەم دەستورەشدا جێگیرکراوەو لای زۆربەی هەرەزۆری عێراقیەکانیش بە بەڵێ دەنگی بۆ درا، کەچی سەرەرای هەڵوێستی روون و ئاشکرای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، داواش لەو لایەنە عێراقیانە دەکرێت کە بێنە هەولێر بۆ لە یەکتر حالیبوون و گفتوگۆکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە هەندێک لەوان دەڵێن، هەولێر گونجاو نییە بۆ ئەم گفتوگۆیە کەواتە بەشێک لەوان تەنانەت ئامادەی گفتوگۆکردن نین لەسەر ئەم مەسەلەیە لەشارێکی وەک هەولێر چ جای ئەوەی کە وەک پایتەختی هەرێمێکی فیدرال بیناسن! خوا فرسەتی کورد بدات تووشمان بووە بە تووشی چیبیەوەو! دەشبێت لەگەڵ کێندا بژین و؟ تووشی چ قەدەرێک بووین؟